نـــــەتـــــــەوە یەكگرتووەكان

**نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق (یونامی)**

**لاپەڕەی راســـتی**

**تشرینی دووەمی ٢٠٠٨**

هەوڵەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هێنانە كایەی ئاشتی و بونیادنانەوە لە عیراقدا زیادیان كردووە و زیاتر لە جارانیش بەرچاوترن بە سەرۆكایەتیی سكرتێری گشتی بان كی مۆن و، لە دەركردنی بڕیاری ژمارە ١٧٧٠ی ئەنجومەنی ئاسایش لە ئابی ٢٠٠٧ــەوە كە ئەرك و دەسەڵاتەكانی نەتەوە یەكگرتووەكانی لە عیراقدا فراوانتر كردووە. بڕیارەكە لە كاتێكدا بەردەوامی بە ئەركەكانی پێشووی وەك پشتگیریكردنی هەڵبژاردنەكان و پرۆسەی دەستوری و مافەكانی مرۆڤ و هاوكاریی مرۆیی دەدات، هاوكات جەختیش دەكاتە سەر دەوری بەهێزتری نەتەوە یەكگرتووەكان لە بەرەوپێشبردنی گفتوگۆی سیاسی و ئاشتەوایی لەنێوان كۆمەڵگاو گروپە سیاسییەكانی وڵاتدا. چالاكییەكانی نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق (یونامی) بە سەرۆكایەتیی ســـتافان دی میســـتورای نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتی رەنگدانەوەی دەوری فراوانكراوی نەتەوە یەكگرتووەكانن لە مەیداندا.

ئەمانە لە چالاكی و دەسكەوتەكانی ئەم دواییەن:

✓ **هەڵبژاردنەكان**: تیمەكانی یونامی بۆ كاروباری سیاسی و هەڵبژاردنەكان ئاسانكارییان بۆ دانوسانی نێوخۆی-عیراقی كرد كە بووە مایەی تێپەڕاندنی یاسایەكی نوێ لە مانگی ئەیلولدا بۆهەڵبژاردنی پارێزگاكان و هەمواركردنی دواتری بۆ دەستەبەركردنی نوێنەرایەتیی كەمینەكان وەك رێخۆشكردنێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی چارەنوسسازی پارێزگاكان كە بڕیار وایە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجام بدرێت. پەسندكردنی یاساكە هەنگاوێكی گرنگ بوو بۆ ئاشتەوایی نیشتیمانی و، هەڵبژاردنەكانی دساڵی نوێش وەك هەلێكی زێرین دەبینرێن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموكراتی لە عیراقدا. ئێستاكە هەڵبژاردن نزیك دەبێتەوە، نەتەوە یەكگرتووەكان هاوكاریی نوێكردنەوەی سەركەوتووانەی تۆماری دەنگدەرانی كردووە كە نزیكەی ٣ ملیۆن عیراق بەشدارییان تێدا كردووە و، پرۆژەی رۆشنبیركردنی دەنگدەرانی پەرتاسەری وڵاتیشی دەستپێكردووە و، بەدرێژایی پرۆسەی هەڵبژاردنیش بەردەوام دەبێت لە هاوكاریكردنی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی عیراقی. نەتەوە یەكگرتووەكان پێشتر هاوكاری عیراقی كردووە لە ئەنجامدانی سەركەوتووانەی دوو هەڵبژاردن و راپرسییەكی دەستوری لە ساڵی ٢٠٠٥دا.

✓ **ناوچە كێشەلەسەرەكان**: یونامی كاردەكات بۆ پتەوكردنی گفتوگۆ هێنانەكایەی رێوشوێن و میكانیزمی وا كە بەهۆیانەوە عیراقییەكان بتوانن چارەسەری ژمارەیەك مەسەلەی پەیوەست بە ناوچە كێشەلەسەرەكان بكەن، لەنێویشیاندا كێشەی هەستیاری پاشەڕۆژی شاری كەركوك لە باكور. نێردەكە ژمەند جارێك سەردانی مەیدانیی ناوچە كێشەلەسەرەكانی كردووە و بنكەیەكیشی لە كەركوكدا كردووەتەوە بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە لە بارودۆخی ئەو پارێزگایە. یونامی كاردەكات بۆ هاوكاریكردنی هەردوو حكومەتی عیراق و هەرێمی كوردستان لە بەدەنگەوهاتنی پێداویستییەكانی پەرەپێدانی هەموو ناوچە كێشەلەسەرەكان، پاش گەیشتن بە رێككەوتنێكی سیاسی لەسەر پاشەڕۆژیان.

✓ **هاوكاری و گفتوگۆی هەرێمایەتی**: نەتەوە یەكگرتووەكان هاوكاری و گفتوگۆی نێوان عیراق و وڵاتانی هەرێمەكە داوە لە رێگەی هەوڵە دیپلۆماتییەكانی نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتی و لەرێگەی

فراوانکردنی کۆبوونەوەکانی نێوان عیراق و دراوسێکانی و گروپی کارەکان سەبارەت بە ئاسایشی سنوور، وزە و پەنابەران. لەم مانگانەی دواییدا، زیادبوونێکی بەرچاو لە نوێنەرایەتیی وڵاتانی عەرەبی و دامەزراوە هەرێمایەتییەکان لە ڕێگەی گێڕانەوەی نێردە دیپلۆماتییەکانیان بۆ بەغداد و ئەنجامدانی سەردانی ئاست بەرز بەدیکراوە. نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی بەردەوام دەبێت لە سەردانیکردنی دەوڵەتانی دراوسێ بۆ پتەوکردنی هاوکاریی زیاتر لەگەڵ عیراق.

- ✓ **شان دانەبەری زیاتری عیراقی:** توانای حکومەتی عیراقی بۆ دابینکردنی دارایی بۆ پڕۆژە ئاوەدانکارییەکانی بەردەوام ڕوو لە زیادییە لەسایەی سەقامگیریی زیاتر و بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت. لە مانگی ئابدا نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عیراق "ستراتیژی هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق ۲۰۰۸-۲۰۱۰"یان ئیمزا کرد کە جەخت دەکاتە سەر دابینکردنی هاوبەشانەی دارایی پڕۆژەکان لەنێوان ئاژانس و سندوق و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عیراقدا بەمەبەستی لێکدانی سەرچاوە داراییەکانی حکومەت و پشتگیریی تەکنیکی و تواناسازیی نەتەوە یەکگرتوزوەکان. وە ك بەشێك لە پرۆسەی بانگەوازی یەکانگیر (Consolidated Appeal Process – CAP)ی عیراق بۆ ساڵی ۲۰۰۸، حکومەتی عیراق بە ٤٠ ملیۆن دۆلار بەشداریی کرد بۆ ئەوەی بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) یارمەتیی ئاوارەی ناوخۆی عیراقیی پێبدات و ۸ ملیۆن دۆلاریش بۆ کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) لە ئوردن بۆ پەنابەرانی عیراقی. حکومەت هەروەها بەڵێنی دابینکردنی هاوبەشانەی دارایی ۲۵ ملیۆن دۆلاریشی بە ئاراستەی دروستکردنی بارەگایەکی گەورەتر و پارێزراوتر و یەکانگیرتر بۆ گرتنەخۆی کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا داوە، کە ئەمەش بوار بۆ بوون وچالاکیی زیاتر دەرەخسێنێت. پەیمانی نێودەوڵەتی لەگەڵ عیراق، کە نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عیراق سەرۆکایەتیی دەکەن (http://www.iraqcompact.org)، لە مانگی ئایاردا یەکەمین کۆنفرانسی پێداچوونەوەی ساڵانەی خۆی لە ستۆکهۆلم بەست. پەیمانی نێودەوڵەتی لەگەڵ عیراق چوارچێوەیەکی بەنرخ بۆ هاوبەشیی عیراق لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەستەبەر دەکات.

- ✓ **ئامادەیی فراوانتری نەتەوە یەکگرتووەکان لە مەیداندا:** هاوکات لەگەڵ بەگرنگ دانانی ئاسایشی کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یونامی لە زیادکردنی توانای کردەیی خۆی لە وڵاتدا بەردەوامە و ئێستاش زیاتر لە ٤٠ کارمەندی نێودەوڵەتیی لە عیراقدا هەن لەگەڵ هێڵێکی ئاسمانیی تەرخانکراو کە جوڵەیانی ئاسان کردووە. سەرباری بنکەی سەرەکیی لە بەغداد، نێردەکە بوون و چالاکیی خۆی لە کەرکوك و موسڵ و نەجەف و ڕەمادی فراوان کردووە. بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) بەم دواییە هاتە پاڵ کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) بە دامەزراندنی بنکەیەکی ئاست بەرز لە بەغداد، لە کاتێکدا ئاژانسەکانی تر لەسەر بنچینەی نۆرەگری لەوێن. بەهەرحاڵ، پێنجەمین ساڵوەگەڕی تەقاندنەوەی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق لە ۱۹ی ئابی ۲۰۰۸دا بیرخەرەوەیەك بوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان ئێستاش لە کەشێکی ئاسایشی ئاڵۆزدا کاردەکات سەرباری ئەو باشبوونەی ئەم دواییەی ڕەوشی ئاسایش.

* * *

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا بڕوانە ماڵپەڕی یونامی (http://www.uniraq.org) و، دوا ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا (بەڵگەنامەی ژمارە S/2008/688 لە ٦ی تشرینی دووەمی ۲۰۰۸)